کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 19:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە بەرامبەر دەسەلاتی بلۆک و دارو بەردا بیینە وەلام! ... هەلاڵە رافع

لە کاتیکدا کە کورە 18 سالەکەم سەیری سایتە کوردیەکانی ئەکرد چاوی کەوتبو بە فیلمی بەردباران کردنی دوعا کچە کوردی یەزیدی 17 سالە.



لەو کاتەدا دەنگی لی بەرز بووەوو بانگی کردم دایە وەرە سەیرکە چۆن خەلك خەریکن بە بەردوو بلۆك ئەو کچە ئەکوژن، لەو کاتەدا کە چوم تەنها بۆ چەند چرکەیەك چەندەها پرسیار لە میشکی منیشو ئەویشدا ئەهات و ئەچوو وە بەبەر خۆمانەوە ئەمانوتەوە.
چۆن شتی وا روو ئەدات؟ ئەو کچە چی کردوە تا وای لی بکەن؟ ئەی باشە کەس لەویدا نیە دیفاعی لی بکات؟ خۆ ئەوە پۆلیسیشە وەستاوە لەگەل خەلکەکەدا؟
کاتیك کە خۆم زیاتر سەیری فیلمەکەم کرد توشی شۆك بووم، موچرك بە هەموو لەشمدا دەهات وە لەهەمان کاتدا بی ئەندازە تورەبووم وە گریانیکی قولم دەهات، وە نەمتوانی هەموو فیلمەکە سەیر بکەم وە پاش چەند چرکەیەك هەموو ووشەکان لە قورگمدا وەستان و نەمدەتوانی هەستی خۆم بەرامبەر بەو کارەساتە دەربرم.
پاش ئەوە بۆ چەند رۆژیك بیدەنگ بووم، چونکە بەراستی هیچ ووشەو تفسیریکم نەدەدۆزیەوە کە پاساوی ئەو وەحشی گەریە بدات وە تورەیی و غەزەبم لەبەرامبەر ئەو رووداوە نامرۆڤایەتیەدا هیواش بکاتەوە.
لە هەمان ئەو ساتانەدا کە بیرم لە رووداوەکە ئەکردەوە وە ئەو ووشانەی کە لەدەوروبەری ئەو دیاردەیەدا لە میشکمدا دەسورایەوە وەك ئایین، پیاوسالاری، فەرهەنگ، عەشیرەتگەری، بی قانونی وە دەسەلات، بلۆك، دار، بەرد بە هیچ شیوەیەك نەمدەتوانی لە رستەدا بەکاریان بهینم وە مانایان پی ببەخشم لە بەرامبەر ئەو مردنە دل تەزینەدا.
وە لە راستیشدا ناکری وە نابی ریز وە پیروزی بۆ هیچ کام لەو ووشانەو هەزارەهای تریش لەبەرامبەر ساتیك ژیانی مرۆڤیکدا دابنریت. ئایا ئەگەر فەرهەنگو یاسا و دەسەلات لە خزمەتی مرۆڤ دا نەبیت چ بەهایەکی هەیە؟ لەم نیوەدا خودی مرۆڤ وە حورمەتی لە پیش هەموو شتیکدایە وە لەهەموو دیاردەیەکی تر پیرۆزترە.
لە سەرەتای سالەکانی 90 وە کوشتنی ژنان لە کوردستاندا زۆر بەربلاوە کە بەشیکی زۆری پەیوەندی بە بارووددۆخی سیاسی عەشیرەتگەری وە نەبوونی دەسەلات وە یاساوە هەیە، بەلام دەسەلاتداران هیچ مەسئولیەتیکیان لە بەرانبەر ئەم رووداوەدا نەبوو وە دادگاییەکی عادلانە لەبەرامبەر هیچ رووداویکدا نەکراوە. وە ئیستاش لە کاتیکدا کە بۆ یەکەم جار لە میژووی تازەی عیراقدا رووداوی وا دلتەزین وە وەحشیانە روو ئەدات سەرەنجامی نەبوونی دەسەلات وە یاسایە لە سەراسەری عیراق وە کوردستانیشدا وە بەردەوامی هەمان بارووددۆخە.
بەلام لە ئیستادا ژنان بە ئاشکرا بوونەتە زەخیرە و چەکی شەر و تایەفە گەری و مەزهەب، وە تەنها بە کوشتنەکە رازی نابن بەلکو لە دوای ئەوەش بە بی ئیحتیرامیەکی زۆرەوە لاشەی ساردەوەبووی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوعاکان پاش ئەوەی خەلتانی خوین دەکرین نیشانی خەلك ئەدریت وە دەبیتە تەهدید بۆ گیانی هەموو ژنانیك کە بیانەوی بەرگری لە بوون وە بیرکردنەوەو حەزەکانیان بکەن.

لە راستیدا کۆمەلگا وە فەرهەنگی خەلکی زۆر لەوە بەرزتر وە ئینسانی ترە کە ئەوان نیشانی دونیای دەدەن، وە هەر ئەو فەرهەنگەیە کە خەریکە چۆك بە دەسەلات وە عەشیرەت وە ئایین دائەنەوینی وە وای لیکردوون کە خەریکن بە ریاکاریەوە پیشبرکی لەسەر بیتاوانی و پیاو چاکی خۆیان دەکەن!!!!

ئەگەر کۆمەلگا بە کوشتنی ژنان، وە لوتبرین و ئەتك کردن و تەعەدا لیکردنیان لەبەرامبەر دەسەلاتداراندا ئاگری نەکردەوە ئەبیت ئیستا لە بەرامبەر دەسەلاتی بلۆك و داروو بەردا بیتە وەلام وە دنیایان لی بهەژینی کە هەژاندویەتی.

2007-4 -29

ستوکهولم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.